# شەڕی دۆڵەکان!

18-04-2022

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** وەزیری بەرگری تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی بەناوی چڕنووک ـ قوفڵ راگەیاند کە لە ناوچەکانی مەتین، زاپ و ئاڤاشین- باسیان دەکرێت. پێدەچێت ئەمە درێژەی هەمان ئەو 7 ئۆپەراسیۆنەی چڕنووک بێت کە لە ئایاری 2019وە دەستیانپێکرد. ئەو ناوچانەی کە ئێستا شەڕیان تێدایە، زۆر سەخت و دژوارن، کۆنترۆڵکردنی شاخەکان لە جێی خۆی بوەستێ، دوو دۆڵی گرنگیش لەوێ هەن کە بایەخێکی ستراتیژییان بۆ شەڕ هەیە و لەوانەیە ئامانجی سەرەکی شەڕەکەی ئێستاش ئەو دوو دۆڵە بن، کە دەکەونە نێوان هەردوو رووباری زاپ و ئاڤاشین- باسیان، ئەو دۆڵانەش گەلیێ زاپ و گەلیێ باڵندەن!

## بەرایی

وەزیری بەرگری تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی بەناوی چڕنووک ـ قوفڵ ڕاگەیاند کە لە ناوچەکانی [مەتین، زاپ و ئاڤاشین- باسیان] دەکرێت. پێدەچێت ئەمە درێژەی هەمان ئەو 7 ئۆپەراسیۆنەی چڕنووک بێت کە لە ئایاری 2019وە دەستیانپێکرد. ئەو ناوچانەی کە ئێستا شەڕیان تێدایە، زۆر سەخت و دژوارن، کۆنترۆڵکردنی شاخەکان لە جێی خۆی بوەستێ، دوو دۆڵی گرنگیش لەوێ هەن کە بایەخێکی ستراتیژییان بۆ شەڕ هەیە و لەوانەیە ئامانجی سەرەکی شەڕەکەی ئێستاش ئەو دوو دۆڵە بن، کە دەکەونە نێوان هەردوو ڕووباری زاپ و ئاڤاشین- باسیان، ئەو دۆڵانەش گەلیێ زاپ و گەلیێ باڵندەن!

## تێگەیشتن لە ناوچەکانی شەڕ

هەندێک جار بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژە و ناوی جیاجیاوە بۆ شوێنەکان، تێگەیشتن لە ناوچەکانی شەڕ بۆ کەسێک کە  بە وردی بە دواداچوونی بۆ نەکات کارێکی ئاسان نییە. شەڕی ئەم جارە بە زۆری لە باکووری قەزای ئامێدی چڕ بووەتەوە. ململانێیەکە لەسەر دۆڵەکانی زاپ و باڵندەیە، بەڵام بایەخی چیاکانی دەوروبەری ئەو ناوچانەش لەڕووی تاکتیکی ڕۆژانەی شەڕ، هەروەها لەڕووی کۆنترۆڵی درێژخایەنەوە زۆر زۆرن. بەپێی سەرچاوەکانی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان وهەرێمی کوردستانیش، لە چەند شوێنێکی دەوروبەری دۆڵی زاپ، بێجگە لە بۆردوومان، هەوڵی دابەزاندنی هێزیش دراوە. ناوچەکانی دیکەی شەڕیش چیای مەتین، کوڕەژار، گەلیی ڕەشاڤە و ناوچەی ئاڤاشین- باسیانن. چیای مەتین دەکەوێتە شانی ڕاستی گەلیێ زاپ و لە ملی باشووری ڕۆژئاوای ئەوێ هەڵکەوتووە. چیای کوڕەژاریش لە ملی باشووری ڕۆژهەڵاتی دۆڵەکەیە لە پشت شێلادزێ و لە بەردەم هێتیتی کۆندایە. ڕەشاڤەش تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە دووریی دێرەلووکەوە لە شوێنێك لە سەرەتاکانی دۆڵی زاپ دایە. لە پشت دێرەلووکەوە بە درێژایی ڕووباری زاپ، دۆڵێکی گەورە هەیە( دەوری20-25کم) کە تاوەکو چەلێ( چوکورجا) لە پارێزگای جۆلەمێرگ (هەکاری) دەگات و ئەمەش ژینگەیەکی سرووشتی لەباری بۆ هەرجۆرە جموجۆڵێکی پارتیزانی دروستکردووە کە بە درێژایی شەڕی چەندین ساڵە، ئەو ناوچانە بەتەواوی کۆنترۆڵ نەکراون.

[ئەشکەفتی بریندارا]ن کە تورکیا ویستوویەتی هێزی پیادەی بۆ دابەزێنێت، لە شوێنێك لە نێوەڕاستەکانی دۆڵی زاپ لە باکووری هیتیتی کۆندایە و چیای ڕەشیش بەسەر ئەویوێدا دەڕوانێت و تاوەکو سنوور دەڕوات. کێ چیای ڕەش و ئەشکەفتی بریندااران بگرێت، بەسەر دۆڵی زاپدا زاڵ دەبێت و ئەوەش هۆکارێکی چڕبوونەوەی پێکدادانەکانە لەوێ.

لە ملی ڕۆژهەڵاتی چیای کوڕەژاریشەوە، چەند کیلۆمەترێك لە باکووری ڕۆژهەڵاتی (شیلادزێ) وە، ناوچەیەکی شاخاوی ـ دۆڵاوی لە گەلیێ باڵندەوە دەست پێدەکات و بەبنی گوندی بێدێ و زۆزانی دۆسکیان دا دەگاتە ئاڤاشین؛ جێگەیەك کە هەموو کات ناوەندێکی گرنگ بووە بۆ پەکەکە و هەرلەوێشەوە بە ئاسانی توانیویەتی بگاتە جۆلەمێرگ. نزیکەی 15- 20 کیلۆمەترێك لەولای ئاڤاشینەوە، باسیان هەیە کە ئەویش ژینگەیەکی لەبارەی بۆ هەر بزاڤێکی پارتیزانی دروستکردووە.

ئەگەر نەمانەوێ لەوە زیاتر سەرمان بەو وردەکارییانەی ناوی شوێنەکان و دووریی و مەوداکانی نێوانیانەوە سەرقاڵ بکەین، بە کورتی دەتوانین بڵێین شەڕەکە لە دەوربەری دوو دۆڵی گرنگ لە باکووری قەزای ئامێدی بەدرێژایی ڕووباری زاپ،  باسیان- ئاڤاشین چڕبووەتەوە.

## ئایا ئەمە چاوەڕوانکراوبوو؟

بەڵی بێگومان. ئەم ئۆپەراسیۆنە درێژەی [ئۆپەراسیۆنەکانی چڕنووکە] کە تورکیا لە ساڵی 2019وە دەستیپێکردووە و ئەمەی ئێستاش هەشتەمین بەشیەتی. یەکەمیان لە مایسی 2019 لە دەڤەری برادۆست کرا. لە تەممووزی هەمان ساڵ دا چڕنووکی ٢ کرا کە بە ڕووداوەکانی چیای گارا نێوبانگی دەرکرد. چڕنووکی 3 بەپێچەوانەی ئەوانی پێشوو لە سنوورەکانی باکووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان لە سینات و حەفتانین چڕکرایەوە. دوای ئەوەش لە 2020دا ئۆپەراسیۆنەکانی چڕنووک- هەڵۆ، چڕنووک- پڵنگ کران کە زیاتر هێرشی ئاسمانی بوون. لە شوباتی 2021یشدا چڕنووک- پڵنگی 2 کرا کە زیاتر چیای گارەی کردبووە ئامانج. تورکیا لە 24ی نیسانی 2021 ئۆپەراسیۆنەکانی چڕنووک ـ هەورە برووسکە(شیمشەك و یڵدرم)ی لە ناوچەکانی مەتین و ئاڤاشین- باسیان دەستپێکرد و وادیارە ئەمەی ئیستاش، کە ناوەکەی چڕنووک ـ قوفڵە درێژەی ئەوەبێت. لە 2019دا تورکیا زیاتر تەرکیزی خستبووە سەر ملی باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوای سنوورەکان؛ لەولاوە دەڤەری برادۆست و لەملاشەوە حەفتانین! ناوچەکانی نێوەڕاستی ئەو دوو بەشەشی دەکردە ئامانج، بەڵام لە 2020 بەدواوە سەرنجێکی زیاتری داوەتە سەر ئەم ناوچەیە کە ناوچەکانی باکووری ئامێدی لە ناوجەرگەی ئەو هەرێمە نێوەنجییەدان. ئەگەر تورکیا بتوانێت دۆڵ و چیاکانی پشت ئامێدی کۆنترۆڵ بکات، ئەوا بە کردەنی، ناوچەیەکی

تامپۆنی لەودیو سنوورەکانی خۆی  دروست دەکات و ئەڵقەی کارەکانی لە برادۆستەوە تاوەکو حەفتانین بە یەك دەگەیێنێت. لەوانەیە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنانەش، دوورخستنەوەی زیاتری پەکەکە لە سنوورەکان و پاڵپێوەنانی بۆ داکشانی زیاتر بەرەو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان بێت.

# ئەنجام

بێگومان کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی زنجیرە چیاکانی سنوور بۆ هیچ هێزێکی دەوڵەتی کارێکی ئاسان نییە، ئەمە بۆ چیا و نەوالەکانی پشت ئامێدی کە ناوچەی سەخت و دژوارن زۆر ئەستەمتر دەبێت. هەڵبەت نابێ ئەوەشمان بیربچێت کە چڕکردنەوەی ئۆپەراسیۆن لەو ناوچانەش، بە لەبەرچاوگرتنی باڵادەستی تەکنەلۆژی و دۆخی سیاسی لە عێراق، ناوچەکە و جیهان، دەتوانێت شوێنی پەکەکە لێژبکات و زیاتر بەرەو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان پاڵی پێوەبنێت. ئەمە دەتوانێ ململانێی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر بکات و، نموونەی رووداوەکانی سەرێ ئامێدی دووبارە بکاتەوە. بەتایبەتی کە ئێستا هەرێمی کوردستان نیگەرانە لە داکشانی زیاتری مەیدانی جەنگ بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، هەروەها پەکەکەش باس لەوە دەکات کە هێزی پێشمەرگە بەرەو کورەژار جوڵەیان کردووە.

ئەنجامی سرووشتی ئەم ئۆپەراسیۆنانە دوورخستنەوەی مەیدانی شەڕە بۆ قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی کە لە رۆژئاوای کوردستانیش روویدا. پێدەچێت دۆخی سیاسی عێراق، ململانێی بەردەوامی ناوخۆیی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرقاڵیی جیهان بەشەڕی ئۆکراینا و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی 2023ی تورکیا، زەوینە سیاسییەکەی ئەم ئۆپەراسیۆنەیان دروست کردبێت. بەهۆی سەختی ناوچەکەشەوە، ئەستەمە تورکیا بتوانێت بە تەواوی پەکەکە لەوێ نەهێڵێت، بەڵام دەتوانێ گرفتی گەورەیشی بۆ دروست بکات.

ئۆپەراسیۆنەکە ناوی چرنووك- قوفڵە، ئەمە چەندەی دەتوانێت رەهەندێکی بانگەشەکارانەی بۆ بردنەوەی شەڕوسەرخستنی ئامانجەکانی تورکیا هەبێت، بەڵام لەوانەیە واتای ئەوەش بدات کە رەنگە دوای ئەمە ئیدی تاوەکو پاش هەڵبژاردن، ئەمە دوایین ئۆپەراسیۆنێکی گرنگ بێت کە تورکیا لە دژی پەکەکە بیکات. چونکە  سەرۆککۆماری تورکیا چەندەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا پێویستی بە دەنگی گرووپە رەگەزپەرستەکانە، ئەوەندەش پێویستی بەوەیە هەدەپە زۆر نەهاروژێنێت، بەهۆی رۆڵی کلیلیی هەدەپەوە لەسەر یەکلاکردنەوەی سەرۆککۆماری داهاتوو، هەر لە ئێستاوە نایەوێت بە تەواوی هەدەپە بەرەو هاوپەیمانیی میللەت پاڵبنێت کە رکابەری ئەو دەکەن!